# شەونم

## هۆنراوەی (13)

دردیر مغان آمد یارم قدحی در دست

یار هاتە کلیسایە, جامێکی لە مەی بان دەست
ئەو مەستی مەی و مەستان ,لەو دیدەی مەستی مەست
ناڵی سمی ئەسپی ئەو , وێنێکە لە مانگی نوێ
وەختێکی سنەوبەر دی , سەروی قەدی لێوی گەست
جا بۆچی بڵێم بە درۆ , ئاگامە لە حاڵی خۆم
یاخۆ نییە مەیلم بەو, ئەی چۆنە دڵم پێ بەست
کووژاوە شەمی یاران , کاتێکی کە ئەو هەستا
هەڵبۆوە چرا کاتێ , دانیشتەوە ئەو بێ هەست
ئەو مێخەکە بۆنخۆشە, بۆنخۆشە لە زولفی ئەو
کلچێوە کەوانکێشی , فێر بوو لە برۆی پەیوەست
گیانە وەرەوە بابێ , بۆحافزی عومری نوێ
هەرچەندە مەحاڵیشە, حەفتا وەگەڕی بۆ شەست

**حافزی حەقیقی**